# نامۆیی، مەترسی تێکچوونی ئەزموونی کوردە لەباشووردا

نووسینی: ئارام وریا

یەکەمجارە لە مێژووی بوونی کورددا دەبینین کە بەشێک لە وڵات(باشووری کوردوستان) ئازادە و خۆی بەڕێوەدەبات. لەوێ و بە بەشداری نوێنەرانی ناسراوی وڵاتان باسی سەربەخۆیی لە ئارادایە و لە کاتی نووسینی ئەم دەقەدا واتە 15.12.2016 لە **زانکۆی ئەمریکا** لە **دهۆک** کۆنفرانسی سەربەخۆیی بە بەشداری نوێنەرانی نێوخۆ و دەرەوەی کۆردستان بەڕێوە دەچێت.

بۆ نموونە هەر لەم کۆنفرانسەدا، **زەڵمای خەلیلزادی** نوێنەری ئەمریکا دەڵێت: **لەمەو بەدوا کورد دەبێت قسەی تایبەتی خۆی** ***هەبێت.*** و **بەرنارد کوشنێر**ی **فەرەنسا**ش باس لەوەدەکات کە: **ڕێککەوتنی سایکس‌پیکۆ بایەخی نەماوە. دەشڵێت، کورد دەنگێکی باشی لە ناوچەکەدا** هەیە **و ئێستا کاتی ئەوەیە قسەی خۆی بکات. وەزیری پێشووتری دەرەوەی فەرەنسا دەڵێت "هیچ شتێک نییە بەناوی کاتی باش و خراپ، کات کاتە، دەبێت ئێوەی کورد لەکاتی پێویستدا قسە بکەن. ئێستا کاتی ئەوەیە کە قسەی خۆتان بکەن؛ بۆچوونەکانتان بڵێن و سڵنەکەنەوە. ئێوەی کورد دەتوانن باسی سەربەخۆیی خۆتان لەگەڵ وڵاتانی دیکە بکەن"**

لێرەدا پرسیارێکی گرینگ بەرانبەر ئەو نوخبە و تاکانەی کورد دروستدەبێت  کە زۆربەیان لە دەروەی کوردستان و لە شارستانێتیی ڕۆژاوادا، پێشتر وەک پەنابەری سیاسی کورد و بەناوی پارت و حیزبی سیاسیی کوردستانیەوە ژیاون. و چاوەڕواندەکرا لەو دەرفەتەدا، توانا و هۆشیاری مروڤانەیان گەشەی بکردایە و ببوونایەتە سەرچاوەی مروڤانە بۆ ڕزگاری ئەم بەشە لە مروڤایەتیی(کورد). کەچی بەشی زۆریان، پیاوەنیان  بە بۆینباخ و خانمان بە بەرگی جوانی ڕۆژئاواوە، بە ڕواڵەت لە هەموو پسپۆران و مافخوازانی ڕۆژاوایی شارستانیتر و مروڤدۆستتر دەردەکەون! لێ وادیارە هەنووکە ئەلفوبێی ئازادی و بەهای مروڤانە، کە سولیداریتی و دیالۆگە نازانن و بە ناشرینترین شێوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی یەکتر (شەڕەگەڕەکێ)، گەمە بە چارەنووسی خۆیان و خەڵکی کوردستان دەکەن و! وەها چەوسێنەر لە ناخیانداماڵی کردووە، کە زۆر زەق و ئاسان و، بێسڵکردن لە ئەرکی مێژووی و مروڤانەیان سازی گەرانەوە و کۆیلایەتی بۆ باوەشی عێراق لێدەدەن. عێراقێک کە بۆخۆی بوونی نییە و ئەوەی تا ئێستا هەیەتی و هیشتوویەتەوە، بەشێکی زۆری بەدەستی شۆرشگێرانی دوێنێ و پارتەکانی ئەمڕۆی کوردستان و بەخەرجکردنی بەهای مروڤانەی: ژیان، بوون، گیان، خوێن و بەتاڵانبردنی خاک و سەرچاوەکانی ئەم نەتەوە چەوساوە مەیسەرکراوە. بەداخەوە کەسیش ناتوانێت لەوە بگات کە  لە بەرچی خەریکن ئەم

تاکە ئۆمێد و تroووسکە هیوایەی ئەزموونی باشوور، کە هەر بۆخۆشیان دەتوانن تا سەر بەخۆیی تەواوی بەرن، بەدەستی خۆیان بیخنکێنن؟

سەرنجڕاکێشە کە ئەمە لە کاتێکدایە کە زیاتر لە ٢٥ساڵە خۆ بەڕێوەدەبەن و گەشە و توانایان، خۆیان نەبێت، لەجیهاندا بە باشی باسی دەکرێت و بارودۆخی ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییان لە هەموو داگیرکەرانی کوردستان و بگرە لە زۆربەی وڵاتانی تری جیهانیش باشترە.

ئێمە دەزانین هەموو وڵاتانی سەربەست و سەربەخۆی جیهان کە وەک کوردستان بێدەوڵەتیش نین، لە قۆناخگەلێکی مێژووییاندا قەیرانی دارایی سەخت و دژواریان بەڕێکردووە و هیچیان هیچکات بۆ گوزەرانی ڕۆژانە وازیان لە کەرامەتی خۆیان نەهێناوە و خۆیان ڕادەستی داگیرکەرانیان نەکردووە. بۆنموونە ئاڵمانی دوای شەر یان ژاپۆن و زۆر وڵاتی دیکە.

خۆ ئەگەر ڕامیاران و بەڕێوەبەرانی کورد، بیانەوێت بەهەڵسەنگاندنی نموونەکانی دەوروبەریان لەوە بگەن کە سەرەڕای قەیرانە داراییەکانی هەنووکەی کوردستان، کێشەکانمان بایی ئەوە نییە کە بە بیانووی ئابووری و مووچە، واز لە بەهای مروڤانەمان بهێنین، نموونە زۆرن!

هەر لەم کاتەشدا کە ئەمانە سازی گەڕانەوە بۆ عێراق لێدەدەن، ئەگەر وەک نموونەیەکی دیاری بەردەست، سەرنج بدەنە بارودۆخی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران کە لەبەر چاوی هەمووانە، بە هەڵسەنگاندنێکی زۆر ئاسانی ژیان و گوزەرانی ڕۆژانەی خەڵکی ئەوێ و باشووری کوردستان، بەزەقی بۆیان دەردەکەوێت کە ستانداردی ژیانی خەڵکی باشووری کوردستان بەو ڕێژە سەرنجڕاکێشەی مووچە خۆریشەوە! تەنانەت بەو چارەکە مووچەش کە لەکاتی نووسینی ئەم دێرانەدا دەدرێت، زیاتر لە دوو هێندەی ستانداردی ژیانی خەڵکی ئێران باشترە.

کەچی ڕووناکبیرانی ئەوان سەرەڕای ئەوەی کە چەندین هەزار ساڵە خاوەن کیان و وڵاتن و مەترسی سرینەوەشیان لەسەر نییە و، بە پێچەوانەی باشووری کوردستان، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش نەیاریانە؛ لەو دەسەڵاتە سیاسییە داخراوەی هەنووکەیاندا و بە وانە وەرگرتن لە شۆرشی خستنی دەسەڵاتی پاشایەتیی پێشوویان، کە دەست کەوتەکەی گەڕانەوە بووە بۆ دواوە، دژواری دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیان ناکەنە ئامرازی تێکدان و لێکپچڕانی گەل و نیشتمانیان. و لە پێناو بەرژەوەندی گەلیان و بۆ پێشکەوتنیان باس لە سازان لە گەڵ یەکتر دەکەن و بە جیاوازی مێژوویی، ئایدئۆلۆژی و بیروبۆچوونی جۆراوجۆری نێوانیانەوە، تێدەکۆشن و

کەوتوونەتە دیالۆگ بۆ ئەوەی خۆیان لە بەناو شۆڕش و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی بەدووربگرن و خەبات دەکەن کە بە نەرمی و بێ ئاژاوە خۆیان لە قەیران ڕزگار بکەن و وڵاتیان پێشخەن.

بەڵام بە پێچەوانەوە، جێگەی سەرسوورمانە کە کۆمەڵێک پارلەمانتار، ڕووناکبیر، میدیا و ڕاگەیاندنی کورد، لە کاتێکدا کە گەلی کورد سەربەخۆ نییە و ئەوانیش بیانەوێ و نەیانەوێت لەم قۆناخەی مێژوودا، بەرپرسیاریتی داهاتووی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانیان دەکەوێتە ئەستۆ. چۆندەوێرن بەردەوام بە بیانووی جۆراوجۆری وەک نەبوون یان کەمبوونی مووچە، یان گۆڕینی سەرۆک پارلەمان، سەرۆک پارت، سەروک هەرێم و دەیان بیانوویتری لەم چەشنە، بەرژەوەندی گەل بدەنە بەر پەلامار و بۆ یەکتر سرینەوە، هیچ بەها وسنوورێک نەناسن. و بە ناوی ئەم پارت و ئەو تاقمەوە  گەمە بە هەستی برینداری ژێردەستەیی گەلی چەوساوەی خۆیان بکەن و لەیەکیان داپڕێنن و ببن بە  بەربەست و مەترسی بۆ یەکگرتن و یەکڕیزیی گەلەکەیان و  لە گەیشتن بە ئازادی و کەرامەتی مروڤانە بێهیوایان بکەن!؟ بەمەرجێک  کە دەتوانن و دەبێت لەم کاتەدا لە پێناو سولیداریتی و یەکپارچەییدا دەستبدەنە دیالۆگێکی ڕاستینە و بە بەشداریی گەل و پێکەوە، بەرخۆدانێکی مەزن بۆ گەڕاندنەوەی گەورەیی کەسایەتی و بایەخی مروڤانە، گەل ونیشتمانی کورد ڕێکبخەن و لەپێناو ئەم بەرخۆدانەدا باس لە لەخۆبوردەیی بکەن نەک هەر بە مووچە تانانەت بە گیان. هەر وەک پێشتریش گەڵ درێخی نەکردووە و گیانی ڕۆڵەکانی لەنێو ئەم حێزب و پارتانەدا بەناوی ڕزگاری کورد و کوردوستان لە بەرەنگاربوونەوەی رژێمەکانی داگیرکار و شەڕی نێوان حیزبەکانیدا بەختکردووە ودەیکات.

ڕاستیی کام ڕێبەر، شۆڕشگێر یان ڕۆشنبیری ڕاستینە لە دۆخێکی قەیراناوی و لە وڵاتێکی ژێردەستە و داگیرکراوی وەک کوردستاندا، بە بیانووی دابینکردنی مووچەی چەن مانگێ، گەلی خۆی دژ بە دەسەڵاتی سنووردار و تاکە هیوای بوونی، دێنێتە  سەر شەقامەکان و بەرامبەری یەک دەیانوەستێنێ و بە سووککردنیان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، هانیاندەدات بانگ بدەن بۆ وازهێنان لە سەربەخۆیی ئابووریی کوردستان و تێدەکۆشن لەداخی یەکتر بەرژەوەندی و دەستکەوتەکانی کوردستان کە بۆ خۆشیان هەوڵیانداوە بۆی، ڕادەستی عیراقی بکەن؟

عێراقێک کە بۆخۆی دۆخی ئابووری و سیاسییەکەی تەنانەت بە بەراورد لەگەڵ ئەم دۆخە قەیراناویەی کوردستاندا چەند هێندە خراپترە و بەقەرزی وڵاتان بەڕێوەدەچێت. و هیچکاتێ، ئارامی و خۆشگوزەرانی کوردی نەویستوە و نایەوێت و، بەشێکی هەرە زۆری ئەم گرفتانەی کوردستانیش، هەر ئەوان وەک داگیرکەری کورد و بە پەیبردن  بەم لاوازییەی کورد، بەمەبەست و بۆ تێکشکاندنی ئەزموونەکەی و ئەو سەربەخۆییەی کە لێی نزیکبووەتەوە، دروستیان کردووە.

بەڕاستی گەلۆ ئەمە نامۆیی نەبێت چییە کە وادەکات کە ئەم **"دەمڕاستانەی"** کوردستان، نەتوانن ئەم ڕاستییانە بخوێننەوە  و نەکەونە نێو گەمەی نەیاران و دژ بە خۆیان نەوەستنەوە؟

سەرنجڕاکێشە ئەم نامۆییە وای کردووە کە لە باسی وڵاتپارێزی و نیشتمانپەروەریشدا، هەموو وڵاتانی دنیا لە سەرووشیانەوە ئەمریکا و زلهێزەکانی دیکە، بەردەوام لە خوێندنگە و میدیا و هەموو دەرفەتەکاندا، باس لە خۆشەویستیی وڵاتانی خۆیاندەکەن و  تاکەکانیان هاندەدەن کە بە پیرۆزی وشانازیەوە چاو لە خاک و وڵاتیان بکەن و لە پێناو بەرژەوەندی خاکیاندا ئامادەی بەخت کردنی ماڵ و گیانیان بن. کەچێ ڕووناکبیر و پرێک لە پارتە سیاسییەکانی ئێمە، داوا و خواستی سروشتیی دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆ  دەکەنە تانە و سووکایەتیی بۆ گەل و ئەو نیشتمانپەروەرانەی کە خەبات دەکەن بۆ سەربەخۆیی کوردستان و، بە خەو و خەیاڵ و شوورەیی دەناسێنن و دەڵین باوی نەماوە و  بە زانایی یان لەڕووی نامۆییەوە هەوڵدەدەن جەماوەر و شۆرشگیرانی بەلاڕێدا بەرن.

پرسیارەکە ئەمەیە ئایا ڕێبەران و پارلەمانتاران و پارتە سیاسییەکانی کورد بەگشتی و باشوور بەتایبەتی، لەم قۆناخەدا لەم سەرلێشێواییە ڕزگاریاندەبێت و دەستدەدەنە ڕێکخستن و یەکگرتنی کورد بۆ گەیشتن بە ئازادیی؟ ئایا لەوە تێدەگەن کە ئازادی و بوونی ڕاستینە و سەربەخۆی مروڤانە، بەنرخترێکە لە ژیانی کۆیلایەتی، چەوساندنەوە و خۆ بەدەستەوەدان  بۆ سواڵی مووچە؟ ئەویش لە بەغدا و عێراقێ کە لەم کاتەدا، بووجەی بەشی زۆری نیاز و پێداویستییەکانی لە بانکی نێو دەوڵەتی وەردەگرێت و عێراقی پێ قەرزدار و هەژار کردووە، یان بە ئامۆژگاری داگیر کەرانیان دژ بەیەک دەکەونە کێبرکێ و گەل و نیشتمانیان بەرەو کۆیلایەتیی مودێرن دەبەن؟

ڕاستی ئەوان ڕواڵەتی شارەکانی باشووریان نایەتەوە بیر کە لە  2003 دا چۆن بوون؟ ناتوانن بیبینن ئەگەر ئەم ئەزموونە  "بەگشتی" سەرکەوتووەی کوردستان نەبوایە،  ئایە ئێستە ئەوان لە بەغدا  دەبوون و، لە بەرچاوی ئەنفالچیان و وێرانکەرانی کوردستاندا دژ بەیەک دەوستانەوە و نەیارانیان شاد و گەلی خۆیان خەمباردەکرد و، ئاوەدانی کوردستانیان دەبینی؟ هەر بۆ نموونە ئایا بە ٢٠٠ ساڵی تریش لەسایەی ژێردەستەیی ئەو ئێراقەی کە دادی بۆ دەبەن، کوردستان یەک فڕۆکەخانەی تێدا  دروستدەکرا؟ یان بێئەوەی خۆیان بزانن، وێنای داگیرکەر دەکەن و بە پەلاماردانی یەک و بوون بەداردەستی داگیرکەران، باشتر لەوان گەلی کورد کە لە ئێستادا لە باشوور هیوایەکی بۆ سازبووە لە یەکدەترازێنن و بە شێوەی مودرن و ڕواڵەتی شارستانی، زیاتر لە پێش، دەیکەنە کۆیلە و قوربانی بۆ داگیرکەر و زۆرتر لە هەمیشە **نامۆی** دەکەن و تا **وەرگرتنی مووچە *لە باتی ئازادی***، بەدەستی خۆیان سووک و نەوی دەکەن؟

بەهیوای هەوڵدان بۆ تێگەیشتن و وەلامی ئەم پرسیارانە و بەیارمەتی لێکدانەوە زانستییەکەی پائولۆفریری (Paulo Freire)، بە ناوی «پەروەردەی چەوساوەکان»، گەڕانێکی سنووورداری بچووک بەدەروونی تاکی کورددا دەکەین با بزانین خۆمان و ڕێبەرانی شۆڕشمان و نوێنەرانی سیاسیمان چەن لە ژێرکاریگەریی هەژمووونی پەروەردەی بارودۆخی داگیرکاری و ژێردەستەییدان و چەن لە کاردانەوەی ئەو پەروەردەیە لە سەر هەڵسوکەوت و دروستکردنی جیهان و بوونی ژێردەستەیی خۆمان و گەلی کورد ئاگەدارین. فرێری دەڵێت: "کێشەیەکی هەرە تایبەتی چەوساوەکان دوو جۆری کەسایەتییانە. کە داکەوتەکەی، مروڤێکی پڕ لە دژبەری دەروونی و دابەشبووە کە لە بارودۆخی ژیانی ژێردەستەیی و توورەییدا دروست دەبێت".

بەم مەبەستە و لە ڕووی توێژینەوەکەی فرێریەوە، دەبینین کە لەلایەکەوە، لەناخی ئێمەی کۆرددا بەپێی سروشت، وەک مروڤ، بوونێکی ڕاستینە و دەوڵەمەندی بایەخی مروڤانە ئاواتمانە، کە بەدڵنیایی خواستی سەربەخۆیی خاک و وڵاتیش بەشێکی گرینگە لەم بوون و بایەخە مروڤانەیە. لەلایەکی ترەوە چۆنکە بە درێژایی مێژوو و بەهۆی پەروەردەی داگیرکارانەوە، حاشا لە خواست و مافمان کراوە، ئەو بڕوامان لا دروست بووە و چەسپیوە، کە ئێمە بەشێکین لە وڵاتانی داگیر کەری خۆمان و. بە ئاشکراش ئەمە لە هەموو پارچەکانی کوردستان زەق وبەرچاوە و ئەگەر لێیان پرسی خەڵکی کوێن؟ زۆر زەحمەتە لەشارێکدا ئەوەی لەڕێوە بڵێت خەڵکی کوردستانم، ژمارەکەی لە پەنجەکانی دەست تێپەڕێت. کە واتە لە نێوان ئەو ٢ جۆریە دژبەرەدا، کە لایەکیان بەسروشتیی داوای بوونی لێدەکات و لاکەی تر بوونی دەسڕێتەوە و داگیرکاری، تێدا جێگیر دەکات، دەبێت لە دەروونی تاکی کورددا چی ڕوودەدات؟

فرێری پێیوایە لە هەلومەرجی دوو جۆری وەهادا، بە کردەوە کەسایەتیی پارچە دەبێ و "نامۆیی" ئاکامی ئەم لەتبوونە دەروونییەیە. بەم پێیە بۆ ئێمەی کورد, کاریگەری ئەم نامۆییە پارچەبوونی دەروونێکی پڕ لە ناکۆکییە. کە بۆ دەربازبوون لەم ناکۆکییە و بەپێی ئامانجی پەروەردەی سەردەست کە وامان لێدەکات بەرامبەر بە بوونمان ڕەخنەگر و بەرپرس و بڕیاردەر نەبین، ئاسانترین کار ئەوەیە ملّ بەم نامۆییە بدەین و بخزینە ئەو قاڵبەی کە ئەوان بۆیان دروستکردوین. واتە بەتەواوی حاشا

لەخۆمان دەکەین و داگیرکار لەخۆماندا جێگیر دەکەین و خۆمان بەوانەوە پێناسەدەکەین, کە فرێری پێیوایە زۆرێنە ئەمە دەکەن و بەم شێوەیە لە ئازادی هەڵدێن. واتە ترسێکی ناڕاست لەئازادی لە لایان دروستدەبێت، کە پێیانوایە خواستی وخەبات بۆ ئازادی، گۆڕانی جێهانیان واتە هەلومەرجی بەڕوالەت جێگیری هەنووکەیان دەخاتە مەترسیەوە. بەم جۆرەش چاو لە گەشەکردن و مافەکانیان دەپۆشن و مل بە چەوساندنەوەی زیاتر دەدەن و هەوڵی گێڕانەوی بایەخە مروڤایەتیەکانیان نادەن.

لێ بڕیک لە تاکەکانی کۆمەلگەی ستەملێکراو بە تێگەیشتن لە دۆخی هەنووکەیان و بۆ دەربازبوونی ڕاستینە لەم ناکۆکی و پارچەبوونە دەروونیە، ، جیهان و بوون و ژیانی نامۆییان دەخەنە بەر ڕەخنە و لەگەڵ یەکتر دەکەونە دیالۆگ، و بە یەکڕیزیی بەشداری دروستکردنی جیهان و بوونێکی دەوڵەمەند و پڕ بایەخی مروڤانە دەبن و بە بەرخۆدان و ڕێکخستن، بۆ چارەسەری لەمپەر و گرفتەکانیان دەگەڕێن و لە گەشەی بەردەوامدا دەبن. فرێری پێیوایە کە ئەوە ڕێبەرانی ڕاستینەی شۆرشن کە بەم ئەرکە هەڵدەستن، واتە لەڕێگەی دیالۆگ و بەشداریی چالاکەنەوە، دەستدەکەن بە دەرخستنی ڕاستینەی هەلومەرجی بوونی خۆیان و چەوساوەکان. واتە ڕێکیاندەخەن و لە هەموو قۆناخەکانی خەبات واتە تێگەیشتن، گەشەکردن، سەرکەوتن، گۆڕان، دستەلات و بەرێوەبردندا بۆ دەستەبەرکردن و دەوڵەمەندکردنی بایەخی مروڤانەیان تێدەکۆشن.

مەرجی گەیشتن بەم ئامانجەش یەکێتی و سولیداریتیە و، بە وتەی فرێری کاری ڕێبەرانی شۆرشە کە بە دووریکردن لە درووشم و درۆ، لێ بەکردەوە، متمانە بە گەلی خۆیان بکەن و ڕیکیانبخەن و لە هەموو قۆناخەکانی تێکۆشین و خەباتی ڕزگاریخوازانەدا بەشدار و بەرپرسیان بکەن و وەک داگیرکار و چەوسێنەر، بە گێژ و نەزان و ئاژەڵیان دانەنێن و خۆشیان بە تاکە دڵسۆز و شوانی ئەوان نەزانن. پێویستیی بنەڕەتیش بۆ گەیشتن بەم ئامانجە لە سەرەتادا یەکخستن و نەهێشتنی ٢جۆری کەسایەتی خۆیان و دەربازبوون لەم پارچە بوونەیە. ئەگینا بێ دەربازبوونی رێبەران لەم 2جۆریە، تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتیش بەدەستەوە بگرن، بێئەوەی خۆیان بزانن وێنای چەوسێنەر دەکەن. واتە بەناوی شۆرش و بەدروشمی قەبە و هرووژاندن و بەکارهێنانی گەل، دەبنە جێگرەوەی چەوسێنەری پێشوو.

به پشتبەستن بەم روانینە زانستانەیە، پرسیاری سەرەکی ئەمەیە، ئەگەر چالاکانی نێو پارتە کوردییەکانی باشوور، شۆرشگێری ڕاستینەن و حەزدەکەن بە تەندروستی و لە بەرژەوەندی گەلدا لە کێبەرکێدا بن، **بۆچی لەباتی پاڵدان بە داگیرکەرانی کوردستانەوە، گەڕاندنەوەی بایەخی مروڤانەی تاکی کورد و پێشبڕکێی سەربەخۆیی کوردستان و داپڕان لە کۆیلایەتی ناکەنە پرێنسیپ و ڕەوتی خەبات بۆ خۆیان؟** لێ هەرجار و هەرکات کە ئەم شێرپەنجەی نامۆیی و خۆویستیە لایان سەر هەڵدەدات، هەریەکەو، بۆ لاواز کردن و نەهێشتن و لەناوبردنی ئەویتریان ڕوو لە داگیرکەرێک دەکات.

ئەنجام و داکەوتی ئەم تراژدیای خۆکردەش، بەداخەوە، داپڕان و بەیەکدادانی گەلێکی 40 ملوێنی لێکەوتووەتەوە کە نامۆیە بە بوونی خۆی و وڵاتی، کە لە باری سروشت وسەرچاوەکانییەوە دەوڵەمەندە و دەتوانێت بە دەربازبوون لە نامۆیی و دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی هەر تەنیا بەسەرچاوەکانی ئاوییەوە، لە هەر چوار وڵاتی داگیرکەری هەنووکەی کوردستان، خۆشگوزەرانتر و بەختەوەرتر بێت.

مێژووش داوەرێکی ڕاستینەیە و کورد بۆ هەمیشە لە خەو و خڵەفاندنی ئەوان و داگیرکەرانی کوردستاندا نامێنێتەوە و بەرپرسیارەتی خەیانەت و خڵەفاندن و لە ڕێگەلادانی ئەم گەلە، وەک تاوانە و لە ئەستۆی تاک و پارتی دڵخۆش بە داگیرکەر ناسڕێتەوە.

لە کۆتاییدا ئاشکرایە کە هەموو لەوە دەگەین کە ناکرێت ونابێت، دەرخستنی کێشەی ژیانی ئابووری خەڵک و کەم وکووڕی و گەندەڵی و درۆ و دروشمی، بەڕێوەبەران بشاردرێتەوە یان وازی لێ بهێنرێت، بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە: "ئایا، پاڵدان بە داگیرکەر و سووککردنی یەکتر بە ئامانجی پێشبڕکێی دەسەڵات بە هەر نرخێ، ڕێگەی چارەسەری ئەم کێشانە و کێشەی نەتەوەیی ڕەوا و مروڤانەی گەلی کوردە، و دەبیت ئەم گەلە ببێتە قوربانی بۆ ئامانجی پاوانخوازی ئەم یان ئەو تاقم لە کوردستاندا؟" یان دەکرێت بۆ دەوڵەمەندکردنی خەباتی ئازادیخوازانەمان ، لە ڕیگەی یەک قبووڵکردن، یەکێتی و دیالۆگی بەرپرسانەوە، زۆر ئاسانتر و بەتواناتر و بە بەهێزکردنی یەکتر، گەڵ رێکبخەین و بە هەمووماناەوە ببینە هێزیکی گەورە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم کێشانەدا. بێ ئەوەی بە لاواز کردنی خۆمان ببینە هۆی زاڵبوونی زیاتری داگیرکەرانمان بە سەر گەل و وڵاتدا.